بڕیـــاری ئەنجومەنی وەزیـــران
ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٢/٤/١٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هـــەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٢/٤/١٣، و لە پێناوی بەرگرتن لە گرانبوونی نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

یەکەم: هەڵپەساردنی وەرگرتنی ڕەسمی باج و ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی هاوردەکراو تا کۆتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەمساڵ.

دووەم: هەڵپەساردنی کارکردن بە مەرجی مۆڵەتی هاوردەکردن (إجازة الإستيراد) بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ بە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١. جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێنمایی و پشکنین و ڕێکارە ڤێتێرنەرییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هاوردەکردنی ئاژەڵ لە دەروازە سنوورییەکان و خاڵە گومرگییەکان.

٢. هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بەپێی ئەم بڕیارە تەنها بۆ دابینکردنی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمدا دەبێت بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و ئەم بڕیارە هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ مەبەستی دیکە ناگرێتەوە.

٣. ڕەچاوکردنی دۆخی لەوەڕگا و کەمیی ئالیک و ماددە عەلەفییەکان و گرانبوونی نرخەکانیان کە پێویستە بە شێوەیەک بێت کارنەکاتە سەر لەوەڕگای ئاژەڵی ناوخۆ.

٤. کاریگەریی نەرێنی نەبێت لەسەر سامانی ئاژەڵیی ناوخۆ.

سێیەم: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێداچوونەوەی پێویست دەکات بە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر جێبەجێکردنیدا لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان لەو ماوەیەدا، و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتەوە.

چوارەم: وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران